# شیعری یۆتۆپیا
# یان «منداڵی بەنەوە دەستی خۆم»..



مەجید عەزیز

«زمانی ئەو مرۆڤەی پێدەگات، بۆ دەسەڵاتەکانی گەردوون، وەکو قسەی منداڵان وایە بۆ مرۆڤ»

**هیراکلیتیس**

خوێندنەوەی شیعری یۆتۆپیای شاعیر هیوا قادر، وشەکانی نەوەک هەر لەناو ئاسمانی منداڵیدا باڵەفڕەدەکەن و شیونێکیشن بۆ حەقیانەت و عەدالەت، بەڵکو شێوازی خوودی شیعرەکەش زمانێکی منداڵانەی لەخۆگرتووە وەکو عەدالەت، کە بۆخۆی بەهێزێتیی سەلماندنی شیعرەکەیە لەمڕووەوە. بەمانایەکی تر، سادەیی و بەرائەتی منداڵانەی شێوازی شیعرەکە ڕەسەنێتیی شیعرەکە دەسەلمێنێت لەئاست سروشتی زۆر لەخۆنەکردنێکی شیعریانەدا، ئەمە دیارە لەڕووی فۆرمەوە مەبەستمانە. لەکاتێکدا لێرەو لەوێ (لەناو گۆڤارەکاندا) چەندین شیعری تر دەخوێنینەوە، کە زۆر لەخۆکردنێکی ئاشکرایان پێوەدیارە (بەگشتی ئەمە دەڵێین)، کەموزۆر مۆرکی شیعرییان بەوشێوەیە پێوە دیارنییە.

شیعری یۆتۆپیا نووسینێک نییە تەنیا ئاماژە بەجیهانی منداڵیی شاعیرو منداڵتی بکات بەگشتی، بەڵکو بەفۆرمێکی منداڵانە (سادەئامێز)ی زمان نووسراوە کە نمایشی هەمان شانۆگەری شیعریی دەکات وەکو ناوەڕۆکەکەی. یۆتۆپیا شانۆگەری کاراکتەری جیهانی منداڵییە لەسەر تەختەی ڕووداوەکان، کە بەهێزێکەوە داوای گوێگرانی خۆی دەکات.

شیعر کاتێک دەتوانێت هەڵگری ئەو خاسیەتانەی خۆی بێت وەکو شیعر، کە زۆر لەخۆی نەکات، لێرەشدا یەکێک لەو خاسیەتانە سروشت و فۆرمی زمانی شیعرەکە دەگەیەنێت کە لەدەرەوەی پاڵەپەستۆو خۆ لەزۆرکردندا. لێرەدا کتومت مەبەستیشمان لەبیرۆکەی ئیلهام نییە، وەکو ئەوەی شیعر بکرێتە جۆرە وەحییەکی ڕووتوقووت، نا، بەڵکو مەبەست لەوەیە لەبەر ئەوەی شیعر وەکو ژانری شیعری خاسیەتی خۆی هەیە ببێتە شیعر، ئیدی زمانی نووسین وەکو شیعر لەژانرەکانی تری جیادەکاتەوە، بەڵام هەست و شێوازو تەعبیری شیعریی ڕەنگە خاسیەتێکی زاڵی وای هەبێت کە بۆخۆی تەواوی ژانرەکانی کۆنترۆڵکردبێت بەگشتی، یەکێک دەتوانێت بڵێت کڵاوی سەری ئەدەب بریتییە لەشیعر، تەنانەت تاوەکو دەگاتە فەلسەفەش.

شێوازی سادەیی و لەخۆزۆرنەکردنی شیعرەکە، هەروەها ناوەڕۆکی جیهانی منداڵی شیعرەکە دەتوانن پێکەوە هارمۆنییەک دروستبکەن لەپێناوی بەرهەمهێنانی هەستی شیعریەتیدا بەلای ئەم نووسینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکە جۆرە مۆسیقایەکی تایبەت بەخۆی هەیە لەکاتی خوێندنەوەدا، کە دووبارە ڕیتمێکی بێزارنەکەرو نەرمی هەیەو تەنانەت زۆر بڕگەی تیادا هەن، وامانلێدەکات بڵێین، کە ئەم شیعرە تەنانەت هەوڵی منداڵکردنەوەی خودی زمانیش دەدات بەجۆرێک لەجۆرەکان. منداڵکردنەوەی زمان ژیان بەخشینە بەزمان لەبەرزترین وزەیدا، تۆمارکردنی هەست و ورووژانەکانی ناخی مرۆڤە لەناو نووسیندا، بەوشێوەیەی بتوانێت خوێندنەوە بکات بەگەمەیەکی پێویست و ڕۆحی.

بۆنموونە"تادایکم خەنی دەکەم بەکڕینی کولێرەیەکی پڕ لەکونجی، کە دەیەوێت قرچەی نیوەڕۆیەک بەکاسەیەک ماستاو فێنک بکاتەوە"، کەشوهەوایەکی تاوەکو بڵێی کوردی تیادا زیندووە لەگەڵ ڕوونیی زماندا بۆ زەمەنی منالّیی شاعیر، هەروەها "بەپارەی ڕۆژانەکەم هەموو ئەو شتانە دەکڕم کە بۆفرۆشتن نین"، هەروەها"بەلاستیکەکەی پۆلی یەکەمی سەرەتاییم، فڕۆکەو تانک و تفەنگی ناو وێنەکان دەکوژێنمەوە"، یان" منالّیم بەنەوە، تا بەلاستیکەکەی پۆلی یەکی سەرەتاییم، وێنەی هەموو سەرۆکەکان دەکوژێنمەوە"، بێگومان ئەمە یۆتۆپیایە، چونکە وەکو شۆڕش و بەرگری و بەگژداچوونی هێزی هونەری ئامرازە هونەرییەکانی دەستی منداڵە لەبەردەم ئەو جیهانەی لەناویدا دەژی، بەڵام شیعر یۆتۆپیای خۆی هەیە.

یان لەهەموو منداڵانەترو بەرئیترو قووڵتریش لەدەربڕین لەناو شیعرەکەدا هاتووە"بەلاستیکەکەی دەستم سەرسنگی هەمووان هەندە تەنک دەکەمەوە تا دڵ دیاربێت گەر درۆبکات، تا ڕووخسار هێندە ڕوون بێت، زمان بچێت بۆ سەیران"، شاعیر لەیۆتۆپیای شیعریش زیاتر دەڕوات، جۆرە بوونەوەرێک دەخوڵقێنێت کە لەحەقیقەتدا تەنک و ڕوون و ئاشکرابێت، ئەمە چەند شیعرە، بەڵام هەندەی ئەوەش هەستێکی جەوهەری ئیفلاتونی داگیریکردووە لەناوەوەدا. مرۆڤ دەداتەوە دەست سروشتی ناوەوەی خۆی، تەنانەت بەبێ تەعبیرلێکردنی زمانیش، ئەمە لێرەدا جۆرە منداڵی و بەرائەتێکە کە بەهەموو شێوەیەک لەگەڵ خوودی جیهاندا دەکەوێتە گرژیەوە لەڕاستیدا، وەکو بەجێهێشتنی خوودی عەقلانییەتە بەمانایەک لەماناکان، چونکە داڵغەو خەیاڵی دۆخێکی وای هەیە کە لەناو واقیعدا بەئاسانی دابین ناکرێت، لەبەر ئەمە یۆتۆپیایە. بەرائەت و ڕوونی هەستی ئەم شیعرە لەگەڵ جیهاندا دەکەوێتە گرژییەوە بەهەمووشیوەیەک، هەروەک چۆن خوودی یۆتۆپیاو بیرۆکەی تەواوی بەهەشتەکان لەگەڵ جیهانی ئێمەی مرۆڤدا دەکەونە کێشمەکێش و گرژیەوە، چونکە یۆتۆپیای ئەم بڕگەیە، خولیای دڵێکە دیاربێت و ئیتر ئەو دڵە نەکارێت درۆبکات، وەکو دڵێکی پێغەمبەرانەو خودایی و بەهەشتی، یان دڵێکی جۆرە سۆفییەک لەعەقڵی منداڵێکەوە.

یان ڕووخسار بەهەموو شێوەیەک وەکو جۆرە قامووسێک بێت هیچ پێویستییەکی بەزمانی قسەکردنیش نەبێت (زمان چووبێت بۆ سەیران)، واتە هەر لەگەڵ تەماشاکردنی ڕووخسارو دڵدا (ڕووی دەرەوەی مرۆڤ) لەهەست و ناخ و نهێنییەکان تێبگەین.

بەڵام ئەگەر درۆکردن نەمێنێت لەسەر رووی زەوی، ئایا هەموو ئەو شتانەی کە درۆنین بەجۆرێک لەجۆرەکان، بۆخۆیان نابنەوە بەپەرۆدۆکس؟ یان ئەگەر دڵمان هەندە دیاربێت لەئاست ئەوەی هەست بەچیدەکەین و چیمان لەدڵدایە کە ڕاستەوخۆ بزانرێت و دیاربێت، ئایا ئیتر هیچ شوێنێک بۆ پاراستنی بچووکترین نهێنی دەمێنێتەوە لەناو بووندا؟

لێرەدا شیعر بەدوای ئەبەدیەتدا وێڵەو جیهانی ناوەوە دەپشکنێت، دەیەوێت هەستەکانی سۆفیزمی شیعر بەهەموو داڵغەکانی خۆیەوە لەناو حەقیقەتی بەرائەتی منداڵی بەرجەستەبکاتەوە.

زیاتر لەمەش یەکێک دەتوانێت هەستێکی ڕۆسۆییانە (جان جاک ڕۆسۆ) لەلا گەڵاڵەبێت و دروستبێت لەئاست دیاردەی سروشتدا وەکو ڕاستەقینەترین و پاکژترین حاڵەت بۆ سروشتی مرۆڤ، بەتایبەتی لەئاست دیاردەی زماندا (چوونی زمان بۆ سەیران)، بەتایبەتی لەنێوان زمانی سروشتی و زمانی ئارتیفیشیاڵدا. بەجێهێشتنی زمان لەناو شیعرەکەدا وەکو پاراستنی دۆخێکی سروشتی و ڕاستەقینەترە لەوەی هەمانە لەگەڵ خوودی زماندا، چونکە لەناو زماندا هەمیشە هەستەکانمان گۆڕان و وەرچەرخاندنیان بەسەرداڕدێت و ناوکۆیی جیاوازیان دەبێت و هەمیشە ئیمکانی جیاوازی بۆ دێتەکایەوە. بۆ نموونە، ڕۆسۆ لەئاست بابەتی سروشتدا هەندە قووڵ و گرژ دەڕوات، ئیدی لەئاست زۆرینەی شتەکاندا نیگەرانییەکی گەورە پیشاندەدات و تەنانەت دەست لەپڕۆژەی ڕۆشنگەریش دەشوات، بەتایبەتی لەدەستدانی دۆخی ڕاستەقینەو بەرائەتی مرۆڤ لەناو جیهانێکی جەنجاڵ و شارە گەورەکانیدا، وەکو جیهانی (مۆدێرنیزم).

ئیتر لێرەوە خوودی جیهان بەو شێوە دەڕوات بەڕێوە، دەبێت بە بەربەستێک لەئاست ئەم کێشانەی مرۆڤدا لەئاست ئەوەی لەدۆخێکی تایبەت و پاکژدا بمێنێتەوە، بۆ ڕۆسۆ "مرۆڤ بەئازادی لەدایکدەبێت، بەڵام کۆمەڵگە دەیکات بەکۆیلە" لەهەرشوێنێکدا بێت.

هەروەها زمان بۆ ڕۆسۆ لەبەر ئەوەی تووخمە سروشتییەکانی خۆی لەدەستدەدات و دەبێتە فۆرموولەیەکی ئارتیفیشاڵ و دەستکرد، ئیتر باشترە خۆمانی لێ دووربخەینەوە، چونکە ڕاستەقینەیی مرۆڤ دەدۆڕێنێت بەهەموو شێوازێک. ڕۆسۆ هەر بەمەوە ڕاناوەستێت، بەڵکو بەگرژی دژایەتی هونەرو کولتورو نووسینیش دەکات بەگشتی، ئەمەش لەپێناوی دۆخی سروشتی ڕاستەقینەیی مرۆڤدا دەکات، بەڵام لەسەرنرخی ئایدۆلۆجیابوونی بیرۆکەی مرۆڤی سروشتی و حەقیقی. بەکورتی شیعرەکە هەڵگری دەنگێکی نیگەرانە، بەڵام بەم ڕەوشەدا ناڕوات.

یۆتۆپیای ئەم شیعرە ئەوەیە کە منداڵی لەناو جیهانی ئێمەدا لەژێر فشارو هەڕەشەکانیدا نمایشدەکات و دەڵێت، شیعرەکە مانیفیستۆی خۆی هەیە، چونکە جیهانی مناڵی ئێمە لەتۆنێکی گشتیدا هەمیشە لەسیاقێکی نامنداڵیدا خولیخواردووەو بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو ئازاردراوە کە هەرگیزیش وەکو منداڵێک نەبوویێت. لەبەر ئەمە شیعری یۆتۆپیای ئەم منداڵییە، وەکو جۆرە مانیفێستۆیەک دێت و ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی، کە ئەم جیهانە چەند ناشرین و چەند بەدو چەند پڕ ناعەدالەتکراوە بەدەست گەورەکانەوە، کە نەدەبوو وابوایە، ئەمەش بەهەموو شێوەیەک ڕووبەڕووی گەورەکانمان دەکاتەوە، بەتایبەتی (مامۆستایان، باوکان بۆ نموونە)، کە لەژێر ڕووناکیی شیعرەکەدا ڕووخساریان وەدەردەکەوێت لەدیدە تۆتالیتاریەکەیەدا. ئەم شیعرە لەئاست هەستکردن بەمنداڵی، ئاگادارمان دەکاتەوە کە بوون لەژێر چەپۆکی عەقڵ و گەورەکاندایە هەمیشە، هەڵوێستەیەکی پڕ نیگەرانییە، بەڵام بەرپرسیارە بەو ئاماژەکردنانەی خۆی، ئەگەرچی خوودی شاعیر منداڵییەکەیە لێرەدا.

بۆ نموونە یۆتۆپیای شیعرەکە لەناو بازنەی منداڵیدا، هەوڵی زۆری ئەوە دەدات کە دۆخێکی ئاسایی و سروشتی مانفیست بکات بۆ دۆخی ژیان بەگشتی، تەنانەت یەکێک دەتوانێت لێکدانەوەیەکی وەکو

ئاشتیخوازانەو ئیکۆلۆجیانەشی بۆ بکات لەڕاستیدا.

بۆ نموونە لەکۆپلەیەکدا دەڵێت:

" ناهێڵم فرۆکە بفرێت بۆ ئەوەی حاجی لەقلەلەقەکان بتوانن بەرز بفڕن،

ناهێڵم تانک بتەقێت بۆ ئەوەی باپیرم لەژێر سێبەری دارگوێزەکاندا هەر بپرخێنێت،

ناهێڵم تفەنگ دەنگی بێت بۆ ئەوەی هەرگیز من میز نەکەم بەخۆما"

ئەمەندەی شیعر لەجیهانێکی ئاوا ئاگادارمان دەکاتەوە بەوشێوەیە، بەئاسانی کۆی جیهانی نووسین ڕەنگە نەتوانێت بەم کارە هەڵبسێت، لێرەدا بیرکردنەوە دەگاتە بەرزترین ئاستی خۆی لەڕێگای ئەوەی، کە شیعر دەیەوێت چیمان پێبڵێت لەئاست تەکنەلۆجیی سەربازیدا.

بەهێزترین تەعبیر لەئاست ئەوەی کە تەکنەلۆجیای سەربازی دەتوانێت چیبکات و چی بەسەر حاڵی مرۆڤدا بهێنێت و ژینگەکەی بەتەواوەتی قێزەوەن بکات و وێران بکات بەدەستی خوودی مرۆڤ خۆی، ئاماژەکردن بەمیزکردن، ئاماژەکردنە بەتۆقینەرترین چرکەساتی مرۆڤی منداڵ کە بەهیچ شێوەیەک شایستەی ئەوە نییە بەوشێوەیە میز بکات بەخۆیدا.


هەروەها ئیکۆلۆجی شیعرەکە لەوەدایە، کە نووستن لەژێر سێبەری دارگوێزی کوردستاندا حاڵەتێکی سروشتی و ئاساییە بۆ ئێمە (بەتایبەتی باپیرانمان) لەناو بێدەنگی و پاکژی و جوانیی سروشت خۆیدا دەبن، بەڵام تەقاندنی تانکەکان ناهێڵن ئەمە بەردەوامبێت، چونکە لەهەموو لایەنێکەوە جێگەی مەترسی و تەنانەت پیسبوون و لەناوچوونی سروشتیان داوە. ئەمە تەنیا وەزیفەیەکی دایکیومێنتاریمان پێناڵێت لەبەردەم مێژوودا بۆ گووتاری باسکردنی حاڵەتێکی تایبەتی لەڕابووردوو، بەڵکو ورژاندنی بیرەوەرییە لەئاست ئەوەی کە ئایا ئیکۆلۆجی لەناو ئێستاکەدا چۆن ڕێزی جیهان دەگرێت و خزمەتی سروشتی خۆی دەکات.

هەروەها لەکاتێکدا میزکردنی مرۆڤ (منداڵ) وەکو قیامەتترین حاڵەتی مرۆڤە، لەبەردەم ترسەکانیدا لەسەرزەوی، چونکە ئیتر دواحاڵەتە کە مرۆڤ هەست بەترسەکانی دەکات لەئاست ئەوەی هەڕەشە لەبوونی دەکرێت و مردن بەبێ هیچ حاڵەتێکی سروشتی لێی نزیکدەبێتەوە، ئەمەش بەبیرۆکەی دەنگی تفەنگەوە بەستراوەتەوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ لەدیدێکی مێژووییدا دەمانباتەوە بۆ ناو ئەزمونێک کە لەناو جەنگێکی بەردەوامدا دیومانە وەکو کورد (بەتایبەتی منداڵان)، ئیدی ئەم جەنگانە ئەگەر لەگەڵ بەعسدابووبن، یان لەگەڵ خوودی خۆماندا بووبن هەمان ئامانج دەپێکن لەبۆ خوێنەرانی شیعرەکە، چونکە ئەزموونی دەنگی تفەنگ بەهەموو شێوەیەک بەخۆکۆنترۆڵ نەکردنی میزکردنەوە بەستراوەتەوە، وەکو چۆن لەناو ئەزموونی جەنگەکاندا کوشتن و مەرگی بێتاوانان، بەتایبەتی (منداڵان-ژنان) وەکو دیاردەیەکی کۆنترۆڵ نەکراو وایە، هەموو جەنگێکیش ئەگەرچی جەنگی هەقانییش بێت، هەر قووربانییەکانی خۆی هەیە بەتایبەتی منداڵان.

1. "شیعری منالیم بەنەوە" وەکو ناونیشانی یۆتۆپیا، تەنها لەو ڕوانگەیەوە چەمکێکی وەکو چەمکی یۆتۆپیا دەهێنێتە ئاخافتن، لەکاتێکدا کە جیهانی منداڵی سەردەمێکی تێپەڕبووەو بەسەرچووە، ئەگینا وەکو تر باسکردن لەخوودی منالی و بیرکردنەوە لێی لەناو چواردەورێکدا کە لەبەردەم هەڕەشەکاندایە بەگشتی، هەمیشە لێدراوەو ناشیرینکراوەو بێنرخکراوە، باسکردنێکی شەرعییە بەهەموو شێوەیەک، چونکە لەم باسکردنەوە مرۆڤ دەتوانێت لەئاقارە جیاوازەکانی جیهانی منداڵی بکۆڵێتەوەو بتوانێت دیدی جیاوازی هەبێت لەبۆی.

بۆ نموونە وەکو دیدو جیهانبینی دەروونی و پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر جیهانی منداڵی کە پاڵەپەستۆی زۆر لەسەر بوونیادی منالان دروستدەکات و بەجێدەهێڵێت، بەڵام ئەمەیان لەلایەک و داڵغەو میتافیزیکییەتی شیعرەکەش لەلایەکی ترەوە خۆی دەڵێت وەکو مانیفێستێکی شیعری.

دیاره ئەوەی ئەم شیعره پێی مەستەو زۆر مەشغووڵە لەگەڵی، زیاتر خولیایەکی میتافیزیکی و ئەنتۆلۆجییە بەلای ئێمەوە (بەڵام هەرگیزیش لەدەرەوەی پێگە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیشەوە نییەو ناشیەوێت وابکات)، چونکە باسکردن لەمناڵی کە زەمەنێکی بەسەرچووە، وەکو ئەوەی کە بدرێتەوە دەست خودی مرۆڤ خۆی، وەکو سەربەخۆیی، وەکو ئیرادەیەک، شتێکە تەنیا وەکو یۆتۆپیاو هیچی تر، بەڵام باسکردنەکە بۆ خۆی دەبێتە شتێکی تر کە وەکو ڕووناکییەک وایە بۆ ئەو تەمومژو تاریکیەی ئەو جیهانەی لەناوخۆیدا داناوە. باسکردن لەو جیهانە، نیگەرانیشە لەمنداڵییەک کە لەناو هەنووکەدا مرۆڤایەتی هەیەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بەدەست گەورەکانییەوە. بەمانایەکی تر شیعری یۆتۆپیا خوێندنەوەیەکی گرنگە بۆ گەورەکان و (باوکان و مامۆستایان)، بەتایبەتی لەبۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا، ئەویش گەڕاندنەوەی حوورمەتی منداڵییە بەدەستی منداڵان خۆیانەوە، بەڵام خوودی خوودگەرایی شیعرەکە سکاڵای شاعیرە لەبەردەم منداڵیی خۆیدا (وایدەبینین)، بۆنموونە:



**هیوا قادر**

”منالّیم بەنەوە
منالّی بەنەوە دەستی خۆم
کتێب و دەفتەرەکانم بخەنەوە ناو جانتاکەم،
قژم شانەکەن و قۆپچەی کراسەکەم داخەن،
بەپەرۆیەکی تەڕ پێڵاوە تۆزاویەکەم بسڕن،
من ئەڕۆم، کەس پێم نەڵێ بۆ کوێ“

ئەم وەسفە زۆر وردەکاریەی شاعیر دەیکات، فاکتی گێڕانەوەیە لەهەستە دەروونییەکەیەوە بۆ خوێنەر، بەشێوەیەک لەشێوەکان وێنەیەکی فۆتۆگرافیی منداڵیشمان دەخاتە بەردەم، لەدەرەوەی ئاوڕدانەوەی سۆزێکی شاعیرانەشدا نییە بۆ ئەو زەمانەی منداڵیی خۆی تیادا دەبینێت لەئێستاکەی بیرکردنەوەو شیعردا. بەڵام لەهەموو گرنگتر ئەوەیە، کە شیعرەکە پێشمان دەڵێت، من ئەڕۆم، کەس پێم نەڵێت بۆ کوێ“ئەڕۆم؟ واتە لەدوای ئەو وەسفانەی کە ئامادە دەکرێت بۆ چوونە قوتابخانە (بەمەزەنەی خوێندنەوەی شیعرەکە، بەڵام خوودی منداڵی لەئێستای شاعیردا ناچێت بۆ قوتابخانە، بەڵکو دەیەوێت بچێت بۆ شوێنێک کە تەنیا ڕەنگە خۆی بزانێت کوێیە، چونکە نایەوێت کەس پێی بڵێت بۆ کوێ دەچیت): ئازادی.

بەڵام لەنێوان ئەو وەسفکردنەی، کە یەکێک واتێدەگات ئامادەدەکرێت بۆ قوتابخانەو دواییش نایەوێت کەس پێی بڵێت بۆ کوێ دەچیت، سکاڵایەکی ڕۆحیی منداڵانەی مەزن لەناو هەستی گەورەیی شاعیری ئێستاکەدا ئامادەیە وەکو مرۆڤ، لەدیدە زۆر بوونگەرایە سایکۆلۆجییەکەیەوە. ئیتر لەدەستدانی منداڵی شتێک نییە هیچ یۆتۆپیایەکیش بیگەڕێنێتەوە دواوە.

لەبەر ئەمەیە ئەم شیعرە ناودەنێین سکاڵایەکی میتافیزیکی و ئەنتۆلۆجی، ئەمەش بەهەموو حەیبەت و تەمەناکانییەوەو لەپێناوی ڕزگارکردنی ئەو منداڵییەی وەکو بەجێهڵرابێت وایە، کە تینویەتییەکی قووڵی نۆستۆڵجیش بەرجەستەدەکاتەوە بۆ ئەو جیهانە، بەڵام بەدیوێکی وێنەکراوی ڕەخنەگرانەشەوە جیهان دەشیعرێنێت، کەواتە لەو هەستە قووڵەوە بۆ منداڵی دێتەوە ناو جیهان وەکو خۆی لەناو مامەڵەکردنەکاندا. بیرخستنەوەو ئاگادارکردنەوەی جیهانی منداڵی، بەهەموو شێوەیەک بیرخستنەوەو ئاگاداربوونەوەیە لەناوجیهانێکدا کە منداڵان بەهیچ و بێنرخ و کەسایەتیی سەربەخۆ نابیندرێن. لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکە وەکو زمانی شیعری تایبەتی خۆی، هەستێکی قووڵی تیادایە لەسکاڵاکردن کە دەگاتە ئاستی پاڕانەوە، هاوکاتیش تۆنێکی ناڕەزایی تیادایە دژی ئەو ترادیسیۆن و کولتوورەی، کە منداڵی بەوشێوەیە دادەنێت و تەماشادەکات.

بۆ نموونە: ”گەر ئێوە منالّیم بەنەوە، هەموو شتە جوانەکان لەچەتەکانی دنیا دەسەنمەوە، دانەوەی یان سەندنەوەی منالّی تەعویزکراوەتەوە بەسەندنەوەی هەموو شتەجوانەکان لەچەتەکانی هەموو ئەم دنیایە. ئەمە وەکو دەبڵ (لەدوو سەرەوە) زاری یۆتۆپیا فرێبدات و ببەخشێت، چونکە چەککردنی هەموو چەتەکانی دنیا لەلایەک، دانەوەی خوودی منداڵییەکەش لەلایەکی ترەوە، بەڵام خوودی برگەکە سکپڕە بەهیوایەک زۆر زۆر ئاشتیگەراییە (پەسەفیزم) بەلای ئێمەوە.

بەکورتی، لەبەر ئەوەی منداڵی نادرێتەوە (شاعیر زۆر زۆر باش ئەوە دەزانێت)، بەڵام جوانیی شیعریش ئەوەیە، کە لەبەر ئەوەیە شیعر دەتوانێت باس لەو شتانەوە بکات کە پێویستیان بەباسکردنە بەهەموو شێوەیەک، ئیتر لەبەرجەستەکردنەوەی هەستی تراژیدیایشەوە بۆ ژیان، شیعر هەرگیز ڕێگە بەخۆی نادات ڕابوەستێت. مێژوومان لەبیردەچێتەوە، بەڵام لەڕێگای باسکردنی ڕابووردووەوە دەتوانین ماناو سیمبولیزمی بدەین بەو شتانەی کە لەناو ئێستاکەدا دەمانپارێزن. لەبەر ئەمە یۆتۆپیای شیعری دانەوەی دەستی منداڵی،

دەبێت شتێکی تر بگەیەنێت و کاردانەوەیەکی ترمان تیادا دروستبکات لەناو زماندا، راپەڕاندنمانە لەدیدە دەروونییەکەوە بۆ ناو ئێستاکەیەک بۆ خوودی منداڵی.

بۆ نموونە کۆمارەکەی ئیفلاتون، یان بەهەشتی سۆسیالیزمەکەی مارکس لەیۆتۆپیا زیاترنین و نەبوون، بەڵام لەڕێگای ئەوەوە دەتوانن هەندێک مەعریفەمان بدەنە دەست بۆ هەندێک ڕیفۆرم و خۆپارێزی لەدەست جیهانێکی ناعادل و گەندەڵ و بێنرخکراو. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین ئەو حاڵەتانەی ئایدۆلۆجیا بەمانای بە بەهەشتکردنی زەوی پێماندەفرۆشێتەوە، نەوەک هەر یۆتۆپیان، بەڵکو وەکو خوودی ئایدیاکانیش ڕەنگە بتوانن مەترسی دروستبکەن لەئاست کاریزماو پراکتیسدا، چونکە هەرشتێک کە داوایەکی بێسنوور، پاکژییەکی بێئەندازە، ئیتر هەرچۆنێک مامەڵەی لەگەڵدا بکەین کێشەمان بۆ دروستدەکات، چونکە واقیع وەکو ئەوەی هەیە، بەدیدە ڕەهایەکەی ڕەفزدەکاتەوە، بەڵام یۆتۆپیا لەدیدێکی پۆزەتیڤەوە هیوابینی و گەشبینییەکی خۆی هەیە، بۆ نموونە وەکو یۆتۆپیای لیبرالیزم کە ئیشکردن و گەشتن پێی، ڕاوەستانێکی مۆرالی و فیکری و ڕۆشنگەری و فەلسەفی دەوێت لەمرۆڤ بەگشتی، کە بەهەموو شێوەیەک ئیشکردنە بۆ ڕۆحێکی دیموکراسی و کراوەو یاساخواز لەناو ئەم جیهانەداو ئایندەی مرۆڤدا.

ئاشتیگەرایەتی ئەو بڕگەیەی سەرەوە کە هەردووک جەمسەری منداڵی و یۆتۆپیا یەکدەگرنەوە تیایدا، ئەوەیە کە خەونیشی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر منداڵی بدرێتەوە دەستی: ئەوا

"بەلاستیکەکەی دەستم دوکەڵی جەنگەکان بکوژێنمەوە

جێ فیشەکی شەهیدەکان بکوژێنمەوە

مردن بکوژێنمەوەو لە جێگایەکەیدا بنووسم ژیان"

شیعرەکە بەهەموو شێوەیەک دەیەوێت تەعویزێکی بەرزی ڕۆحی هەلومەرجێک بداتەوە، کە تۆنێکی لەخۆی زیاتریش دەڕوات. لەبەر ئەوە پڕاوپڕ یۆتۆپیایە لەو ڕوانگەیەوە، کە لەمنداڵییەوە دەستپێدەکات و دەڕژێتە ناو کۆمەڵێک بابەتگەلی زۆر گەورەو گرنگەوە، وەکو دووکەڵی جەنگ و مردن و شەهیدو دواییش چەمکی ژیانەوە. هەرچەندە مردن وەکو ژیان قوورسایی و گرنگیی خۆی هەیە لەناو سروشتاو هاوکێشەیەکی توندو پێکەوە بەستراوی دیالەکتیکی لەگەڵ ژیاندا هەیە هەمیشە. پێمان وایە ئەوەی کە غەمی زۆر گەورەیە بۆ شاعیر ونبوونی منداڵییە لەناو لێنەپرسینەوەیداو گوێپێنەدانی لەناو جیهانێکدا کە گوێی پێنەدراوە، کە ئێستاش شیعر باس لەو جیهانە دەکات، ئەوا شیعر لەهەستە ئامادەبووەکەیدا بۆ مرۆڤ مانا دەدات بەجیهان.

لەبەر ئەوە تووڕەبوون و نیگەرانیی شاعیر بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەو جیهانە لەمنداڵی، نەوەک هەر ڕاستگۆیی و بەرائەتی تیادایە، بەڵکو حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتیشە.

ئەمەش بۆخۆی وروژانێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی قووڵی هەیە بەسەر جیهانی منداڵییەوە، کە وایکردووە پشتگوێبخرێت و بترسێت و سڵبکاتەوەو ڕقیشی هەبێت. ئاماژەکردن بەخۆشنەویستنی "قوتابخانە" و دواییش "مامۆستا"، دوو دیاردەی سەرەکین بۆ دەرخستنی جیهانی دەروونی و دواییش باری کۆمەڵایەتی، کە قۆناغی منداڵی لەناو چی جۆرە کولتوورو کۆمەڵگەیەکدا ژیاوە و دەژی بەگشتی، مەفهوومی شەرعیەتپێدانی ڕق هەڵگرتنمان پێدەناسێنێت لێرەوە.

2. خوێندنەوەی ئەم شیعرە ڕەنگە خەیاڵ و خولیای زۆربەمان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ختووکەی بیرەوەرییەکانمان بدات لەگەڵ بیرکردنەوە لەجیهانی منداڵیمان، حوزن و تاریکیی فۆتۆگرافیەتی شیعرەکە ڕووناکییەکی زۆری دەوێت بۆ هەستکردن بەنۆستۆلجیای منداڵی، خوێنەر پەردەکات بەو هەستانەی ئەگەرچی هەستی خوودیش بن، بەڵام یەکێک دەتوانێت بازنەی ئەو خوودگەرایيە بشکێنێت، چونکە ئەو هەستانە دەکات بەجۆرە هەستێکی هاوبەش و گشتی، فرەیی منداڵی بۆ هەموومان وێنادەکات و تۆماردەکاتەوە لەشیعردا.

ئەگەرچی منداڵی لێرەدا، ڕاستە بەرجەستەکردنەوەی خوودگەراییەکی زۆری شاعیرمان بۆ دەهێنێتە بەردەم بۆ خوێندنەوە، بەڵام خوودی شیعرەکە سیمبولیزمی ڕەنگدانەوەی جیهانی منداڵانی کوردیشە بەگشتی، خوێنەر دەتوانێت بەئاسانی خۆی تیادا بچوێنێت و ببینێتەوەو بدۆزێتەوە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەلومەرج و شتانەی کە شاعیر ناویان دەهێنێت وەکو منداڵی زۆربەی زۆری منداڵان دەگرێتەوە لەڕاستیدا.

ئەمەش بۆخۆی ئاماژەیەکی زەقی دەروونی منداڵان و دواییش پێداگرتنێکی کۆمەڵایەتییە لەسەر دەزگایەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی منداڵانی تیادا پشتگوێ خراون، بەتایبەتی دەزگایەکی وەکو دەزگای قوتابخانە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە منداڵان لەناو خوودیماڵەکانی خۆیاندا پشگوێ نەخرێن و ئیهانەش نەکرێنو مافەکانیان پێشێل نەکرێن؟

گرنگیی ئەم ئاوڕدانەوەیە وەکو فلاشێک بۆ دواوە (دواوەی تاریکێتیی ئەو جیهانە منداڵییە) تەنیا لەوەدا نییە کە تیایدا غەرقبین و هەرگیز لەناویدا نەتوانین بێینە دەرەوە، بیرەوەرییەکی غەمناک و تاریکمان تیادا بچوێنێت بەتەنیا، بەڵکو گرنگیی ئەم ئاوڕدانەوەیە لەوەدایە کە بۆخۆی وەکو فرەلایەنی مەعریفی و بوونگەرایی ئاگاییمان لەئاست ڕابووردوودا دەوڵەمەندتر دەکات و دواییش هەستێکی هەر زۆر بەهێزو دەوڵەمەندی هونەریمان پێشکەش دەکات و دەداتێ، لەئاست خەیاڵدانی ئەو جیهانەمانداو دواییش بەشیعراندنی. بەمانایەکی تر، فلاشی بیرەوەری بۆ گەڕانەوە بۆ تاریکێتی ئەو جیهانە (منداڵی) بەخۆشی و ناخۆشییەکانییەوە، بەتووڕەیی و ئاسوودەییەکانییەوە، بۆخۆی ڕووناککردنەوەی ئێستایە بەشێوەیەک لەشێوەکانیش لەناو شیعردا، چونکە بێجگە لەوەی هەوڵی تاموچێژی ڕابووردوودەدات بۆ هێنانەوەی ناو زمان (بەتایبەتی زمانی شیعر) بۆخۆی ئامادەیی شاعیرە لەناو جیهاندا بەوهەستانەوە زۆر بەزیندوویی، سەلماندنی بوونی شیعرو شاعیرێتیشە لەناو ژیاندا بۆ بیرکردنەوەی لەناو بەردەوامیدا. بۆ نموونە:

"بۆ ئەوەی بوێرم
نیوەڕوانی کۆڵان پڕکەم لەجیکەی پەڕەسێلکە
تابەحەرفێکی شین
ڕووبار ڕاکێشم بۆ ئەو شارانەی کە پردیان هەیەو ئاویان نییە
تاڕووناکی بخەمە ناو ئەو ژوورانەی
کە دەرگایان هەیەو پەنجەرەیان نییە"

باسکردن لەمنداڵی بەم شێوەیە، بۆخۆی گەڵاڵەکردنی هێزو ئیرادەیە بۆ بوون، شیعر ئەمە دەڵێت وەکو ئامادەیی هزرو هەستی مرۆڤ. نووسین و خەیاڵ و هیوای شیعرە لەجیهاندا، بۆ نموونە هێنانی جیکەی پەڕەسێلکەیە بۆ ناو کۆڵانو ڕاکێشانی دەریایە بۆ ناوشارەکان و ڕووناککردنەوەی ئەو ژوورانەیە کە دەرگایان هەیەو پەنجەرەیان نییە.

بوونی دەرگاو نەبوونی پەنجەرە بۆخۆی سیمبوولیزمی سنووردکردنی ئازادییەکانی مرۆڤە لەناو شوێندا (ماڵدا)، چونکە هەموو ماڵێک دەبێت دەرگایەکی هەبێت بۆ داخستن، بەڵام ئایا ئەو ماڵە چەند پەنجەرەی هەیە بۆ کردنەوەو تەماشاکردنی دەرەوە، چەند ئارکیتێکچەرو دیزانی ئەو ماڵە کراوەیە بەڕووی دەرەوەداو چەند هەست بەئازادیی تیادادەکرێت و هەناسەی ژیانی تیادەدرێت؟ ماڵی کوردیش بەگشتی، وێنەیەکی ئێجگار میلانکۆلی و خەمناکی هەیە بۆ جیهانی منداڵی، ماڵێکە بچووکە، تەسکە، هەموو پێکەوە دەنووین (بەگشتی)، پەنجەرەی کەمە یان نییەتی، دەرگایەکی هەیە بۆ داخستن (بەگشتی).

تۆمارکردنی ئەو هەستانەش وەکو شیعر، هەستکردنە بەبوون بەوشێوەیەی شیعر دەیەوێت جیهان بناسێت و لێی نزیک بێتەوە، شیعر نووسینی منداڵی، تەماشاکردنە لەناو بیرکردنەوەو هەستکردنا بەناو ئەلبوومی ژیان

خۆیدا. وێنەو ئەدگارەکانی منداڵی بەشێکی گرنگ و پڕبایەخن لەناو ئەلبوومی ژیاندا. شیعر بێجگە لەوەی مانا دەهێنێتە ناووبونەوەو ڕۆحی خوێندنەوە تژیدەکات لەئارامی و بیرتیژی و هەستەوەری، هاوکاتیش جۆرە بایۆگرافیەکی خۆی هەیە بۆ تۆمارکردنی مێژوو. لێرەدا شیعر منداڵی وەکو مێژوویەکی تایبەت تۆماردەکات و دەڵێت، کە هەستێکی سیستیماتیکی نییە، بەڵکو مانای دەداتێ و تەعبیری لێدەکات، یان هونەری خەیاڵکردنەوەیە بەوشێوەیە.

3. شاعیر لەزمانێکی زۆر شیعریانەی (سادەدا) سکالایەکی هەر زۆر تەڕی میتافیزیکی دەکات لەئاست تێپەڕبوونی ئەو جیهانەی کە ناونیشانی "یۆتۆپیای" داوەتێ، ئەویش خوودی منداڵییەکەیە. هەرچەندە شیوەنکردن بۆ گەڕانەوەی ئەو منداڵییە، بۆخۆی یەکێک دەتوانێت ترسێکی خوودی و دواییش ناسکی شاعیرانە لەئاست چەمکی مردندا ببینێت و هەستپێبکات، چونکە لەبەر ئەوەی هەمیشە لەجیهانی منداڵی دووردەکەوینەوە، کات هەمیشە تێدەپەڕێت و تێماندەپەڕێنێت، ئەوا بەوشێوەیەی سروشتی گەمەی خۆی دەکات، هەمیشەش دەبێت لەمردن نزیکبینەوە. بەڵام دەتوانین ئاماژەیان پێبکەین و باسیان بکەین، بەتایبەتی شیعری ڕەسەن و ئۆریجینالْ ئەمجۆرە کارانە بەوەزیفەی خۆی دەزانێت لەبۆ بەرهەمهێنان، چونکە خەیاڵکردنەوەی شیعر هەمیشە لەگەڵ هەست و بیرکردنەوەو سۆزەکانماندا خۆی بەرجەستەدەکاتەوەو لەئیشدایە، ئەمانەش هەمیشە نزیکن لەهەردووک چەمکی ژیان و دواییش مردنەوە. منداڵی تەعویزی هێنانەوەی ژیانێکی زیاترە، ئەگەرچی لەدیدە سۆسیۆلۆجیەکەیەوە شاعیر خاوەنی نیگەرانی و گلەییەکی زۆرە لەو ڕابووردووە، چونکە شیعرەکە بۆخۆی داوای بوێری و گەڕاندنەوەی منداڵێتی دەکات، کە ئەمەش وزەی باسکردنی شیعرەکەیە بۆ ئێمە، کە دەیخوێنینەوە. بەڵام هەنووکەیی خوێندنەوەی شیعرەکە لەسنووری یۆتۆپیا دەردەچێت، کاتێک ئەو شیعرە ئێستاکە دەنووسرێت و لەئێستاکەدا لێکدانەوەی بۆ دەکەین، ئیتر بەهەموو شێوەیەک لەناو ئێستاکەدا داماندەنێت و مامەڵەمان لەگەڵدا دەکات بۆ جیهانی منداڵی.

منداڵی یۆتۆپیایە، یۆتۆپیاش منداڵی دەکاتەوە، چونکە منداڵی شتێک نییە ڕابوەستێت و وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئایدیای منداڵی لەناو هۆش و دڵماندا دەبێت و دەمێنێتەوە، چونکە ئەزموونمانکردووەو دواییش وەکو نزیکترین و ئازیزترین ئەزموون پابەندە بەکاتمانەوە لەناو بووندا. بوونیش هەمیشە خۆی تێدەپەڕێنێت، لەبەر ئەوە شتێک نییە بوەستێت، ئەگەر وابێت خوودی بوونیش وەکو جۆرە فۆرمێکی یۆتۆپیانەی هەبێت وایە، چونکە بوون ئەگەر وەکو خۆی وایەو لەوەدەچێت کە هەمیشە وەکو خۆی وابێت، ئەوا وەکو خۆیەتی لەناو هەلومەرج و گۆڕان و سەرفکردنەکانیدا، چونکە بوون هەمیشە وەکو خۆیەتی و هەمیشەش لەناو دۆخێکی جیاوازدا دەژی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بوون لەت بکەین، نا، بەڵکو بەوەی کە بوون وەکو ئەوە وایە کە هەمیشە وەکو خۆیبێت، چونکە ئەوە ئێمەین هەمیشە بەناوبووندا دەچین و تەواودەبین، لەهەمانکاتیشدا بوون هەرگیز لەخۆی ناچێت، چونکە هەمیشە لەگۆڕان و جیاوازی و فلەکسدایە. ئاماژەکردنی زۆری ئیفلاتوون بۆ نموونە بەهەردووک فەیلەسوفی گرنگ و دیاری ناو دایەلۆگەکانی، یان پێشخۆی ئاشکرایە لەم ڕوانگەیەوە، ئەوانیش هیراکلیتیس و پەرەمێندێسن، کە هەردووک بیرمەند لەفۆرمی شیعردا ئاماژەی فەلسەفیی خۆیان سەبارەت بەبوونی جیهانمان پێدەڵێن و ڕاگەیاندووە. بۆ نموونە، جیهان بۆ هیراکلیتیس هەمیشە لەناو گۆڕاندایە (فلەکس)، هەرگیز وەکو خۆی نییەو نامێنێتەوە، وەکو ئاوی ئەو ڕووبارەی کە هەمیشە لێی دەڕوات و هەرگیز هەمان ئاو نییە کە دەڕوات و تێدەپەڕێت، تەنانەت کە هەموو ڕۆژێک خۆر هەڵدێت، بۆ هیراکلیتیس خۆرێکی نوێیە کە هەڵدێت. یان جیهان وەکو ئاگرێک وایە هەمیشە لەناو سەماکردنی خۆیدایەو لەگۆڕاندایە بەردەوام. جیهان بۆ پەرەمێندێس ئەم جیهانە نییە کە دەیبینین و هەستی پێ دەکەین، بەڵکو ڕەسەنێتی و ڕاستەقینەی بوون لەپشت فینۆمینۆکانەوەیە، جیهان دەبێت لەناو

جەوهەرەکەیدا بێت، چونکە ئەگەر بوون هەبێت و ڕاستەقینە بێت، ئەوا دەبێت بریتی بێت لەبوونێکی نەگۆڕو وەستاو.

کەواتە بوون دەبێت نەگۆڕیت بەلای پەرەمێندێسەوە، چونکە کە شتێک هەمیشە قابیلی گۆڕان و فلّەکس بوو، ئیدی جەوهەری نابێت و ڕەسەنیش نییەو خۆی لەدەستدەدات. ئیفلاتون ئەمەندەی کاریگەری پەرەمێندێسی بەسەرەوەیە، ئەمەندە بیرۆکەی گۆڕان و کاریگەریی هیراکلیتیس بەپۆزەتیڤی نابیندرێت.

بەهەرحاڵ، منداڵی هەرگیز وەکو خۆی نامێنێتەوە لەدیدە زۆر مەتریالییەکەیەوە، جەستە گۆڕانی بەسەردادێت، بەڵام شیعرو فەلسەفە دەتوانن باسیبکەن لەناو تەعبیرلێکردنەکانیاندا، بەڵام هەموو قۆناغ و شتێکی تر لەناو ئەم جیهانەدا دەگۆڕێت و تێدەپەڕێندرێت و بەسەریش دەچێت، ئەگەرچی ئەم بەسەرچوونە هەستێکی هەر زۆر تراجیدی و پڕ لەئازاری هەیە بۆ بڕێکی زۆر لەبیرمەندانی ئاینی و ئایدیالیستی، چونکە تامەزرۆیەکی قووڵی نەمردن و مانەوەن (بیرۆکەی ئیمۆرتالیتی) بەشێوەیەکی هەر زۆر سەیروسەمەرە. ئەگەروابێت خوودی جیهان بۆخۆی دەتوانین وەکو جۆرە فۆرمێکی یۆتۆپیایی ببینینەوە، چونکە جیهان هەمیشە لەناو گۆڕان و تێپەڕبووندایە لەناو سووڕەکانیداو هەرگیز وەکو خۆی نامێنێتەوە، جیهان ناوەڕۆکێکی تایبەت و دانراوی واشی نییە کە زووتر بەشێوەیەک دروستکرابێت، بەڵکو زیاتر لەبیرۆکەی تەتەورەوە نزیکەو هەمیشە لەناو جیاوازییەکانیدایەتی و دەگۆڕێت، ئەگەر گۆڕانەکانیش خێرابن، هێواشبن یان هەرجۆرە فۆرمێکی دیکەیان هەبێت. کەوابێت خوودی جیهان وەکو منداڵی وایە، بەومانایەی هەڵگری فۆرمێکی خۆیەتی وەکو ناونیشانەکەی شاعیر، کە "یۆتۆپیایە"، چونکە هەموو شتێکی تریش لەناو جیهاندا دەڕوات و مەحف دەبێتەوە، بەڵام ئەوانی تر دێن و دەتوانن بەهێزی زمان، لەناو گووتاری مێژووییدا یان شیعریدا ئاماژەی بۆ بکەن و لێکی بدەنەوە.

گوومان لەوەدا نییە شاعیر بۆخۆی زۆرباش ئەوە دەزانێت، بەڵام لەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە شاعیر لەبەر ئەوەی دەزانێت تەنیا یەکجار بۆی هەیەو دەتوانێت بژی لەناو ئەم جیهانەدا، ئیتر بەشیعر دەیەوێت داوای ئەوەبکات کە بەمافی خۆی دەزانێت باس لەم جیهانە بکات و لەگەورەبوونیدا بتوانێت ئیرادە بداتەوە دەستی منداڵی ناو شیعرەکەی، نەوەک هەر ئەمەندەش، بەڵکو دەیەوێت شتێکی وەکو بیرۆکەی دانەوەی منداڵی (منداڵیم بەنەوە) دابینبکات وەکو مانیفیستۆی منداڵی. بەڵام دەزانێت کە ئەمە نابێت و تەنیا مەوداکانی تۆمارکردنی هەستەکانی ناو جیهانێکی پڕ وشەی تەڕی خوودی ئەو یۆتۆپیایەیە کە شاعیر ئازاردەدات بەقووڵی، بەڵام شیعردێت و تەعویزی هەموو ئەو ئازارانە دەداتەوە.

ئەم شیعرە ئازاری زۆری خۆی هەیە بۆ تێگەشتن و خوێندنەوە. ئازاردانی شاعیر لەم ئاستەوە تەنیا لەناو سنوورێکی خوودگەراییدا نییەو تەنیا لەناو ژیانی منداڵێکدا قەتیس ناخوات، چونکە ئاماژەکردن بەوەی کە، بۆ نموونە:

"منداڵیم بەنەوە، تائاسمانی شینی شار بەپەڕەی کتێبەکانم پڕکەم لەکۆلارە"، یان مانایەکەی وادێتەوە، ئەگەر منداڵیم بەنەوە، یان منداڵیم بەدەستی خۆم بێت و بوایە، ئەوا دەتوانم ئاسمانی شینی شار بەپەڕەی کتێبەکانم پڕکەم لەکۆلارە"

مەبەستی سەرەکی لێرەدا بۆ خوێندنەوەی ئێمە، ئەگەر ئاماژەکردن بەمنداڵی، سەرەتاو دەستپێکردنی داوایەکی گەورەو گرنگە لەدیدە خوودیەکەیەوە، ئەوا کاردانەوەکەی جۆرە ناخودیەکیش بەرجەستەدەکاتەوە، ئەویش ئاسمانی تەواوی شاری شاعیرە، بێگومان لەژێر ئاسمانی تەواوی شاعیری شاریشدا هەموو منداڵان هەن و دەژین، شاعیریش یەکێکە لەو منداڵانە.

4. سەرەتای شیعرەکە بە"منالّیم بەنەوە" دەستپێدەکات و دوایش بە"منالّی بەنەوە دەستی خۆم"

کۆتایی پێدێت. مانیفێستۆی منداڵی سەرەتاو کۆتایی جۆرە شۆڕشێکە لەئاست منداڵیدا بۆخۆی. سەرەتاو کۆتایی تۆخبوونەوەیەکی ناوەڕۆکە لێرەدا، کە فۆرمی خوێندنەوەکە ڕادەگرێت و تەنانەت سادەشی کردووە بەمانا زۆر شیعریەکەی. هارمۆنییەتی هەردووک بڕگەکە لەناویەکدا تواوەتەوەو بەهەموو شێوەیەک تەواوکەری یەکترین. بۆ نموونە، ئەگەر لەبڕگەی یەکەمدا "منداڵیم" کە منداڵی خۆی (واتە شاعیر) دەگرێتەوەو بەئاشکرا مۆری خوودگەرایی لەنامەی شیعرەکە دەنێت، ئەوا بەهەمان شێوەش لەکۆتاییدا هەمان خوودگەرایی زیندووترو گەورەتریش بۆتەوە، کە ناوەڕۆکەکەی لەناو "دەستی خۆمدا" بەرجەستەبۆتەوە.

خوودگەرایی وەکو مافێکی سروشتی، سیاسەتی بوونی نەوەک هەر داواکردنەکانی مرۆڤە، بەڵکو هێزو ئیرادەیەتی لەناو ئەم جیهانەدا.

"منداڵیم بەنەوە"سکالآیەکی رۆحی و میتافیزیکییە، کە بۆ خۆی بەئاشکراش پێماندەڵێت جوگرافیای منداڵیی لێسندراوەتەوە، یان ئەو منداڵییەی هەیبووە هەمان ئەو منداڵیە نییە کە ئێستاکە لەناو مانای شیعرەکەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت و باسدەکرێت. لەبەر ئەوە هەرشتێک لەدەست دەچێت هەمیشە لەدیدگا زەمەنییەکەیەوە ئاڵۆزییەکی زیاتر بەرجەستەدەکاتەوە بۆ بوون و بیرەوەریی مرۆڤ.

شاعیر منداڵیی خۆی دەکات بەدەستپێکێک وەکو بەرپاکردنی جۆرە شۆڕشێک بۆ وەدەستهێنانی ئەو شتانەی لێیان سەندووە، هیچ نەبێت لەناو شیعردا. بانگکردنەوەو هێنانەوەی منداڵی ئەگەر لەناو شیعریشدابێت، ئەوا بۆ خۆی هەڵگری جەوهەرێکە کە ناکۆکی لەگەڵ واقیعدا دەهێنێتە کایەوە، بەتایبەتی واقیعی ئێمەی کورد، کە منداڵی تیادا هەمیشە قوربانیی دەستی باوکان و مامۆستایان بووە بەگشتی. لەبەر ئەمە شیعرەکە زۆر بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەردووک تێزدا دەکات، هاوکاتیش ڕەنگە تەنیا سکالآیەکی شیعری بێت لەتۆنێکی میتافیزیکیدا.

5. کاتێک واقیع هەڵگری کراوەیی خۆی نەبێت و نییە بۆ گەمەی ژیان و ئەزموونکردنی بوون، ئیتر کاردانەوەیەکی ئاسایی دەبێت، بۆ هێنان و دروستکردنی گرژیەکان و بێزارییەکانی مرۆڤ، تەنانەت تووڕەیی و نیگەرانییەکانی دەداتە دەست و مۆری شەرعیەتیشیان لێدەدات.

لەناو ئەم شیعرەشدا واقیعێک کە بەئاشکرا زەقەو دەخوێنرێتەوە، واقیعی قوتابخانەیە، کە لەپشت ئاماژە شیعرییەکەی شاعیرەوە، ڕاستی و حەقیقەتێکی سۆسیۆلۆجیی زۆر هەیە، بەڵام سکپڕ بەحەقیقەتێکی سایکۆلۆجیش (بەرهەڵستیکەر)، ئەویش هەستکردن بەقوتابخانەیە وەکو زیندانو مامۆستاکانیش لەناویدا وەکو جۆرە پۆلیس و جەلادێک دەبیندرێن.

ئاماژەکردن بەم خاڵە ئاماژەکردنە بەجیهانی دەروونی و مینتاڵیتی و ترس و نیگەرانییەکانمان بەرامبەر قوتابخانە بەگشتی، دیارە وەکو زیندانێک. دیارە مامۆستاکان لێرەدا دەبنە خاڵی سەرەکی بۆ ئاخافتن لەئاست باسکردن لەقوتابخانەدا. واقیعی قوتابخانە لەلای شاعیر ناخۆشترین واقیعە، بۆ نموونە دەڵێت:

"من ئەڕۆم کەس پێم نەڵێت بۆ کوێ،
من دەچم بۆ هەموو شوێنە جوانەکانی دنیا قوتابخانە نەبێت
من هەموو پیاوەکان دەکەم بەباوکی خۆم مامۆستاکان نەبێت"

ئەگەر قوتابخانە دووهەمین دەزگابێت بۆ ژیان و کات بەسەربردنی زۆری منداڵان، مامۆستاش وەکو باوکی دووهەم بێت بۆ قوتابی لەناو قوتابخانەدا، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ جیهانێکدا بکەین کە قوتابخانە بەیەکەم شوێنی ناشیرینی ناو کۆمەڵگە دەبینێت و دواییش هەموو پیاوەکان وەکو باوک دەبینێت تەنیا مامۆستاکانی نەبێت؟ هەردووک خاڵ لەناو شیعرەکەدا وەرچەرخانێکی زۆر ڕەخنەگرانەیە لەوێناکردنەوەی کۆمەڵگەیەکدا کە قوتابخانە لەژێر کۆنترۆڵی مامۆستاگەلێکدا دەڕوات بەڕێوە ، کە زیاتر لەجەلاد بچن نەوەک مامۆستا.

شاعیر دەزانێت بۆچی مامۆستاکان بەباوک نابینێت، لەبەرهۆی شەرعیی خۆی ناتوانێت خۆشی بوێن، قوتابخانەش بەناخۆشترین شوێن وێنادەکات و ناحەزە پێیان.

چونکە ڕەنگە یان لەوەدەچێت، کە لەهەموو جوڵانەوەیەکیدا لەژێر مراقەبەدایەو هەمیشە بەئەمە بکەو ئەوەمەکە، ئەوە خراپەو، ئەوە خەتەرە، یان ئەوە هەڵەیەو وامەکە... لەبەر ئەوەی دەیەوێت بڕوات و "کەس پێی نەڵێت بۆکوێ" ئەڕوات و نایەوێت گوێبداتە ئەو هەموو کۆدانەی بوونی ئەوە وەکو مرۆڤێک دیاریدەکەن و سنووردارەدەکەن.

لەبەر ئەوەی شیعر هەمیشە تاموچێژێکی زۆر خوودگەرایی لەخۆدەگرێت و بەرجەستەدەکاتەوەو ژیان لەوئاستەوە مانادارەدەکات بەپڕشنگی زمان، ئیتر هەمیشە زمانی شاعیر لەئاست بەربەستەکاندا دەکرێتەوەو هەستەکانی لە بۆ ژیان و ماناو ئازادیی تەعبیر لەخۆی و هاوئادەمییەکانی تریش دەکات.

شاعیر کە ناحەزیی هەیە لەگەڵ قوتابخانەو مامۆستاکاندا، دیارە ناحەزیی ئەو لەگەڵ ئەزموونێکدایە کە لەگەڵ قوتابخانەو مامۆستاکاندا هەیبووە بەگشتی، ئەمانەش هۆی گرنگ و جەوهەرین بۆ هەستکردن بەناحەزی و هەستکردن بەوەی کە زیاتر مرۆڤ لەقوتابی نەچێت، بەڵکو وەکو جۆرە زیندانییەک بێت.

شیعر لەبەر ئەوەی مانیفێستی خوودگەرایی مرۆڤ دەکات لەتۆمارکردنی هەستەکان و کاردانەوەکانیدا، بەتایبەتی شیعرێک کە زۆر زۆر لەخۆی نەکات، ئیتر دژایەتیی هەموو فۆرمێک لەچاودێریکردن و هەستکردن بەزیندانیکردنی مرۆڤیش دەکات.

شیعری یۆتۆپیا دژایەتیی ڕەقابەکان دەکاتو تەنانەت خوودی منداڵی لێرەدا دەبێتە ماناو دەلالەتی جۆرە ئازادییەک، کە زیاتر لەناو ئێستای شیعردا هەستپێ دەکرێت و ڕەنگدەداتەوە، هێنانی مانایە لەناو بیرەوەریدا، چونکە لەڕاستیدا ئەوە شیعرە لەئێستاکەدا باسی منداڵیمان بۆ دەکات و تەعبیر لەوێرانیی ئەو منداڵییە دەکات بەهەموو شێوەیەک لەناو ئێستادا. شیعر بەهەموو هێزێکییەوە لەناو خوێندنەوەیدا، دەیەوێت بوێری بڵێت و ئەو منداڵییە لەزیندان و چاودێری ڕزگاربکات. ڕزگارکردنی منداڵی لەڕەقابەی باوکان و مامۆستایان وامان لێدەکات ئیتر بەشێوەیەکی تریش شیعرەکە بخوێنینەوە، ئەویش نەوەک هەر لەئاست منداڵیدا، بەڵکو لەئاست گەورەکاندا، کە ئەوانن ڕەقابەی هەموو شتێک دەکەن و تەنانەت فۆبیایان لەهەموو جوڵاندنەوەیەکی بچووکیش هەیە. ئەم شیعرە ئەمەندەی ئاماژەیە بۆ ڕۆشتنی منداڵی بەئازادی، ئەمەندەش ئاماژەیە بەجیهان و عەقڵی گەورەکان لەپۆلیسێتی و ڕەقابەکردندا.

6. شیعری یۆتۆپیا وەکو جۆرە تیۆلۆجییەکیش بکات لەگەڵ منداڵیدا وەهایە، منداڵی لەبەر ئەوەیە هەڵگری ڕاشینالی خۆی نییە وەکو ئەوەی جیهانی مرۆڤی گەورە (عەقڵ) بۆمان وێنادەکات، ئیتر لەمنداڵیدا جۆرە سەراحەت و بەرائەت و حەقیقەتێکی گەورە هەیە کە ئەمە بەجۆرێک لەجۆرەکان، لەناو جیهانی گەورەبووندا وندەبێت لەڕاستیدا، یان گۆڕانی زۆری بەسەردادێت، بەڵام لێرەدا شیعر دەتوانێت ئەو تەعویزەمان بداتەوە وەکو منداڵی خۆی. لەکاتی منداڵیدا یەکێک دەتوانێت بڵێت کۆی پرسیارە تیۆلۆجی و فەلسەفییەکان بوونیان هەیە لەئاست و ڕادەی وشیاری و هەست و هزری ئەو منداڵە لەناو چواردەورو جیهاندا، بەڵام لەناو فۆرمێکی زۆر میتافیزیکیانەدا دەکرێن و وەڵامیشیان هەندە ئاسان نابێت، یان نییە بەوشێوەیە. بۆ نموونە منداڵ هەمیشە وەکو بڵێت، ئەمە چییە؟ ئەوە چییە؟ مناڵ لەکوێوە دێت و چۆن لەدایک دەبێت؟ کێ ئێمەی دروستکردووەو، کێ خوای دروستکردووەو زۆر پرسیارگەلی سەیرو گرنگ و پڕ لەنهێنی و بێوەڵامی دیکەی لەمجۆرانەش.

لەم شیعرەشدا جیهانی منداڵی بەشێوەیەکی هەر زۆر جیاواز مامەڵە لەگەڵ جیهانی تیۆلۆجیدا دەکات و پرسیارو بیرۆکەی خودامان دەخاتە بەردەست. هێزێکی زۆر مەزنی منداڵی لەئاست بیرۆکەی خودادا

بەرجەستەکراوەتەوە، بەلای ئەم خوێندنەوەیەی ئێمەوە، ئەویش لەڕاستیدا ئەوەیە کە ئەو بیرۆکەیە هیچ نییە بێجگە لەبوونی بیرۆکەیەک و هیچی تر.

جۆرە ڕاوەستانێکە لەبەردەم ئەو بیرۆکەیەدا بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە سڵەمینەوەو ترسێکی لێی هەبێت و ڕاستەوخۆش وەکو گوێزێکی بێکاکڵ دەماندات دەست. بۆ نموونە، شاعیر دەڵێت:

"بەپارەی ڕۆژانەکەم هەموو ئەو شتانەی دنیا دەکڕم کە بۆ فرۆشتن نین،

پێش هەرشت خودا دەکڕم ئەیخەمە ژێر مریشکێکی کڕکەوتووەو

پێی دەڵێم کە بێدەنگ نەبێت؛

بەو مریشکە دەڵێم تۆ دەنکێک گەنمیت تابتخوات"

لەسەرەتادا لەدیدێکی زۆر سۆسیۆلۆجییەوە، بازاڕێکی پان و بەرین هەیە بۆ کڕینی خودافرۆشتن کەئەمە تەواوی ئاینەکان دەیبەن بەڕێوەو باوکانی ئاینەکان ئەو مارکێتەیان کۆنترۆڵکردووە. هەر لەسەرەتای مرۆڤایەتیەوە کە بیرۆکە جیاوازەکانی خوداوەندی بەرهەمهێناوە، هەمیشە وەکو بۆ فرۆشتن بووبێت وەهابووە. ئەمەش بەحساب ئەوەی ئاین دەستکاریی ئەو بابەتە دەکات، ئیتر بازاڕێکی ڕۆحییەو مامەڵە لەگەڵ ئەو جیهانەدا دەکات کە زیاتر پابەندە بەناخ و دەروونی مرۆڤەوە، فرۆشتنی بیرۆکەی خودا ناوەڕۆکی تەواوی ئاینەکان دەگرێتەوە، بەتایبەتی ئاینە ئاسمانییەکان لێرەدا.

کۆی ئاینەکان کەم یان زۆر بەوشێوەی کە ڕێکلام(پڕوپاگەندە) بۆ خۆیان دەکەن(بۆ خوداکەیان)، هەمیشە وەکو لەڕێگای کڕین و فرۆشتنەوە بتوانن ئایدیای خودامان پێشکەش بکەن، ئەگەرچی پێشکەش کردنەکە بۆخۆی بیرۆکەی رزگارکردنی (Salvation) مرۆڤیش دەگەیەنێت و ئیتر لەخراپەکانی دونیا پاکمان دەکەنەوە بەحساب. بەملێکدانەوە زۆر کەمەبێت بۆ بیرۆکەی ساڵڤەیشن، هەر ئاینێک بەناوەڕۆکی خۆیەوە خودامان پێدەفرۆشێت و پێشکەش دەکات، ئەمەش لەڕووبەرە فەلسەفییەکەیەوە بەجۆرێک لەجۆرەکان واقیعی پلورالیزم تەسکتردەکاتەوە، چونکە ئایا پلورالیزم چۆن دێتە دی؟ ئەگەر هەر ئاینەو بەناوەڕۆکی تایبەتی خۆیەوە هەڵگری بیرۆکەی خودایەکی تایبەتی بەخۆی بێت؟



کڕینی ئایدیای خودایەک، خودای هەرئاینێک بێت، ئەوا وا لەو مرۆڤە دەکات کە تەسلیمی باوەڕکردن بێت بەو خودایەی کە سروشتی باوەڕەکە وایلێدەکات لەخۆی گەورەترو گرنگترو زاناترو ڕاستتربێت و ببینێت، لێرەدا بیرۆکەکە لەجەوهەرو باوەڕدا دەمێنێتەوەو واقیعی پلورالیزم هەندە ئیمکانییەتی بۆ ناکرێتەوە. دواجار لەدیدە ئاینییەکەیەوە بۆ خوداو دواییش لەدیدە فەلسەفییەکەیەوە بۆ حەقیقەتی ئاینی، دەپرسین ئایا بیرۆکەو پرۆژەی پلورالیزم هەڵگری هیچ ئیمکانییەتێکە، ئایا چۆن دەبێت و دێتە کایەوە؟

بازاڕی ئاینەکان هەمیشە لەناو فرۆشتنی خودایەکانی خۆیاندان، چونکە ئامانجی خودای ئاینێکی تایبەتی ڕاکێشانی تەواوی مرۆڤایەتییە بۆ سەکۆی باوەڕی ئەو ئاینە، چونکە بوونی سەلماندن و سەپاندنی (فرۆشتنی) خودا وەکو سەنترالّیەتی ئەو ئاینە، مێژووی دەستپێکردنی ئاینەکەشە.

بەکورتی لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی لەئاینێک زیاتری هەیەو ئەزموونەکانی لەئاست ئەم دیاردەیەدا فرەئاینییە بەوشێوەیە، ئیتر هەمیشە بازاڕێکی کراوەی هەیەو دەبێت بۆ فرۆشتنەوەی بیرۆکەی خودای ئاینەکان: پڕوپاگەندە.

لەلای ئەم شیعرەش کە جۆرە زمانێکی منداڵی مانیفێستی دەکات، خودا دەنکە گەنمێکەو دەبێت بێدەنگ بێت، ئەگینا لەناودەچێت. بەهەرحاڵ، ئەو بڕگەیەی سەرەوە یەکێکە لەنایابترین و سادەترین و پڕماناترین و شیعرترینی بەشێک لەشیعرەکە لەڕاستیدا، چونکە مامەڵەیەکی زۆر جیاواز لەگەڵ بیرۆکەی خودادا دەکات، بەتایبەتی کە خودا وەکو گەورەیی خۆی لەدەنکە گەنمێکدا شوبهێنراوەو وێناکراوەتەوە. بیرۆکەی گەورەیی لەچەندایەتییەکەیدا بۆ بەراوردکردن لەگەڵ دەنکە گەنمێکدا بەهەموو شێوەیەک هەڵگری ناکۆکی و پەرۆدۆکسە. کەچی دەبینین بیرۆکەی خودا لەدیدگایە زۆر ترادیسیۆن و کلاسیکەکەیەوە، هەمیشە خودایەکی گەورەو مەزن و پان هەموو شتێکەو زاناو قادرە، بەڵام شیعرەکە بەلای ئەم نووسینەوە دەنگدانەوەیەکی هەڕەشەئامێزی تیادا بەدیدەکرێت لەبۆ بیرۆکەی خودا، چونکە وەکو دەنکەگەنمێک وایە بۆ ئەو جیهانی منداڵییەو ئەگەر ئەو خودایەش بێدەنگ نەبێت، ئەوا بەمریشکەکە دەڵێت بیخوات.

لێرەدا کۆپلەشیعرییەکە فۆرمێک لەپێکەنینیش بەرهەمدەهێنێتەوە لەلایەن ئێمەوە، چونکە شوبهاندنی خودا بەدەنکە گەنم و ئەگەری خواردنیشی لەلایەن مریشکەوە، بۆخۆی وێنەیەکی سووریالیمان لەلا بەرهەمدەهێنێت کە شایانی پێکەنینێکی هەر زۆر ئەدەبییە، وێنەیەکی کارتۆنی هەیە. هاوکاتیش دەسەڵاتی شیعرەکە لەهەست و بیرەوەریی منداڵیدا مانیفێست دەکات لەبۆ ناساندنی خودا بەوجۆرەی کە مریشکێک دەکارێت هەڵسێت بەخواردنی.

چونکە خودا لێرەدا تەنیا وەکو بیرۆکەیەک یان ئایدیایەک دەناسرێت و هیچیتر، تەنیا لەدیدە شوبهاندنەکەیەوە ناسراوە.

تیۆلۆجیی ئەو کۆپلە شیعرە دەتوانێت ئەم لێکدانەوەیەی خوارەوەشمان بۆ دروستبکات: بەدەنکەگەنم کردنی بیرۆکەی خودا، بەدەسەڵاتکردنی بیرکردنەوەو ئیرادەی منداڵە لەناو خەیاڵی شیعرەکەدا، ئەمەش دەتوانێت ئەوە بگەیەنێت، کە هیچ هێزێک لەو زیاترنییەو هیچ چەترێکی میتافیزیکیشی بەسەرەوەنییە زاڵبێت بەسەربوونیدا، چونکە لەناو زماندا دەتوانێت خەیاڵەکانی خۆی بەکاربهێنێت و دواییش گەمەکانی خۆی بکات و لەدەرەوەی زمان و گەمەکانی هیچ شتێکی تریش بوونیان نییە، وەکو لودڤیگ فنگشتاین دەڵێت"سنوورەکانی زمانت سنووری جیهانەکەتە"

بیرۆکەی دەنکە گەنم و مریشک وێنەیەکی وامان دەداتێ کە منداڵانەبێت لەم شیعرەدا، بەڵام وشەی خودا وەکو بیرۆکەیەک زادەی بەراوردکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی تیۆلۆجیی شیعرەکە بەم شێوەیە، چونکە خودا وەکو بیرۆکە و دەنکەگەنم وەکو ئابجێکتێکی زۆر بچووک، دەگەڕێتەوە بۆ یاریی ناو شیعرەکە لەهەستێکی زۆر منداڵانەدا بۆ بیرۆکەی خودا. چونکە منداڵ بیرۆکەی خودا لەخێزان و کۆمەڵگاوە وەردەگرێت و فێردەبێت و باوەڕیشی پێدەکات و دواییش پراکتیزەی دەکات، نەوەک شتێک لەناویدابێت. لەبەر ئەمە گەمەی شیعرەکە

لەئاست ئەوەی کە سیمبولیزمی دەنکە گەنم وەکو وشەیەک بۆ خوودی گەنم دەگەڕێتەوە بۆ ناسینی بیرۆکەی خودایەکە بەوشیوەیە. بەڵام لێرەدا بیرۆکەی خودا مانایەکی زۆر گشتیی هەیەو شتێکی تایبەتکراونییە، واتە خودا لەچەمکە پیرۆزگەراو نهێنیگەراو عەزەمەتگەرایەکەی ڕووتکراوەتەوەو تەنیا بەکارهاتووە وەکو وشەیەک لەپێناوی وشەکەدا (لەشیعرەکەدا بەکارهاتووە لەپێناوی فەنتازیای شیعرەکەدا).

بەهەرحاڵ، ئەگەر لەدیدە نیتشەییەکەوە بۆ چەمکی خودا بڕوانین، ئەوا بچووکردنەوەی بیرۆکەکە وەکو تێزەکەی نیتشەش دەخوێنرێتەوە، کە ئیتر مەرگی خودا بگەیەنێت.

چونکە نەوەک هەر دەنکە گەنمێکەو تەواو، بەڵکو ئەگەر بێدەنگ نەبێت ئەوا بەمریشکەکەش دەڵێت بیخوات، کەواتە بیرۆکەکە لەبەردەم هەڕەشەی نەماندایە، وەکو چۆن مەرگی خودا لەلای نیتشە هەڕەشەیە لەتەواوی ئەو باکگراوندە میتافیزیکی و ئاینی و فەلسەفییەی لەسەر پایەکانی ئایدیالیزم و دوالیزم ڕاوەستاوە.

7. لەکۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێین "کاتی ئەم شیعرە (کات بەو هەستەی هیراکلیتیس مەبەستێتی لەوبڕگەیەدا) ئەو یارییە یە کە بەجوانترین شێوە لەلایەن منداڵانەوە هەڵدەسوڕێت"، خوێندنەوەشی هەستکردنە بەوەی کاتێکی تایبەتی بەرهەم بهێنێت.

کاتێ منداڵان لەناو گەمەیەکدا کە بەجوانترین شێوە هەڵبسوڕێت، کاتێکە وەکو خوودی منداڵی خۆی، لەدەرەوەی هەموو جۆرە ڕەقابەیەک کە نامنداڵییەت و دواییش هەڵسووڕانێکە بەبێ پۆلیسێتی و چاودێرییەکانی گەورەو فەحسکردنەکانی عەقلانییەت و پلاندان بۆیان چۆن یارییکەن و چۆن بجوڵێنەوە. شیعری یۆتۆپیا، یان منداڵی بەنەوە دەستی خۆم، مانیفێستی منداڵییەو گەنجبوونەوەی خوودی ئەو هیوابینییەیە، لەخوێندنەوەیدا هەستەکان و بیرتیژیمان دەداتە دەست و فێرمان دەکات چۆن تەماشای جیهانی مرۆڤایەتی بکەین بەگشتی و منداڵی بەهەموو ئەو ژیانەی تیایدایەتی بخوێنینەوەو تەئویلی بکەین. فێرمان دەکات چۆن بیرو هەستی مرۆڤانەمان بجوڵێنێت و خۆمانمان وەکو مرۆڤ بیرنەچێتەوە. "زمانی ئەو مرۆڤەی پێدەگات، وەکو دەسەڵاتەکانی کۆزمۆ، وەکو قسەی مناڵان وایە"بۆ هیراکلیتیس، شیعریش لێرەدا بەهەموو هێزێکیەوە مانیفێستی ئەو بەرائەتەمان بۆ دەکات کە منداڵی دەیەوێت لەسروشتی خۆیدا بژی لەناو جوڵاندنەوەو یارییەکانیدا.

ڕاستە کە دەوترێت منداڵی ئیتر دەزانین ئاوڕدانەوەیە لەمێژوویەک، ڕابووردوویەک، ئەگەرچی ئەمە زیاتر بە رجەستەکردنەوەیەکی زاتی شاعیر خۆیەتی لەناو شیعرەکەشدا، بەڵام ئەزموونی منداڵی وەکو تێکرژانی منداڵی هەموومان بێت وەهایە، بەتایبەتی لەئەزموونی چۆن تەماشاکردنی مامۆستاو چۆن تەماشاکردنی قوتابخانەدا بەتایبەتی. ئەم شیعرە زەمانی منداڵیمان بیردەخاتەوە لەناو جیهان و هەلومەرجێکدا، کە وەکو چۆن منداڵی ڕێزو بایەخ و خۆشەویستی و ناسینەوەو هەستپێکردنی بۆ دابین نەکراوەونییە، ئەمەش بەهەموو شێوازێک پرسیاری ڕۆشنبیری و دیدی هونەری و کولتووری ئەو شوێنەمان دەخاتە بەردەست لەئاستێکی گشتیدا. هاوکاتیش ئەم شیعرە بەهەموو شێوەیەک بوونێک لەحاڵەتی مامۆستایەتی و باوکایەتیمان بیردەخاتەوە لەناوخۆماندا، وەکو جەللادو دیکتاتۆر لەبەردەم مناڵاندا بەگشتی (ئەگەر منداڵی خۆمان بن یان نا).

ئەگەر ئەم شیعرە مانیفێستێک بێت بۆ منداڵان، بتوانن ژیانی خۆیان هەبێت و پارێزراوبن وەکو مرۆڤ، ئەوا دەبێت بتوانن هەستەکانی خۆیان بەئازادی بڵێن و تۆمار بکەن، هاوکاتیش بەهەموو شێوەیەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکە لەگەڵ دونیای مرۆڤە گەورەکاندا، چونکە گەورەکان لەپێناوی هەرشتێکدابێت، وەکو شەهامەت و پیاوەتی و بیروباوەڕو کۆدی کۆمەڵایەتی، هەمیشە بوون و ژیان و ئیرادەی منداڵانیان پەراوێزکردووەو بەهیچیان زانیون. ئەم شیعرە ڕاستە بەناوی منداڵییەوە دەدوێت، بەڵام لەڕاستیدا بیرخستنەوەی جەللادێتی و دیکتاتۆرییەتی خوودی گەورەکانە لەبەرزترین پلەیدا، وەکو مامۆستایان بەتایبەتی.